



# کاتژمێرەکەت گونجاوە لەگەڵ تەمەن و جلوبەرگەکەت؟

جوانی ئێکسسوارەکان لەلایەن ئەوانەی حەز بە ناسکی و گرنگی بە ئێکسسوارەکان دەکەن لە شـــێوازی رەنگو دەرخستنیانە ، یەکێك لەو ئێکســـــوارە سەرەکییانەی بۆ خانمان جێگەی بایەخ و جوانییە، بریتییە لە کاتژمێری دەســـت بۆ گشـــت خانمان، تەنانەت جیاوازی شێوازی کاتژمێرەکان بە پێ کەسەکە یان خانمەکە دەگۆڕێت و جوانی هەریەکەیان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دیکە، بۆ نموونە دەبێ کاتژمێری خانمانی گەورە لە تەمەن لە شێوەی ســـادە و کراوە بێت. کەچی بۆ مۆدەکانی کچان و ئەوانەی تا ژێر تەمەنی (٢٠)ساڵین، جوانترە مۆدەی کاتژمێرەکانیان لە نەخشی رەنگاورەنگ و هاورەنگی نێوان کاتژمێرەکە و قایشەکەی بێت، ئەوانـــەی دەیبینن یەکێکە لەو جۆرە مۆدانەی بە جوانترین شێواز نەخشێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بۆ گشت خانمێك ئەمجۆرە کاتژمێرانە لەدەســـت بگرێت، بە مەرجێـــك لەگەڵ جوانی جـــل و بەرگ بگونجێت.

## بۆ ئەوەی بە ماکیاژێکی





گرنگی دان بە ماکیـــاژی دەم و چاو، یەکێکـــە لەو هەنـــگاوە گرنگانەی دەبێت خانمان لێوەی ئاگادار بن، هەروەها دەکرێت لـــە رێگەی ماکیاژی رووخســـار چەندین شـــێوە و مۆدەی تایبەت ئامـــادە بکرێت. یەکێك لەو رێگایانە بریتییە لە هاوسەنگی و دانانـــی رەنگـــی ئەســـاس بـــۆ هـــەر ماکیاژێکی دەموچاو. لە رێگەی رەنگی ئەســـاس دەتوانین کۆنترۆڵـــی ماکیاژەکە بکەین لەوەی چ ئەنجامێکمان پێ دەدات. لە کاتێکدا دەکرێت رەنگی ئەساس رێژەکی زۆری هەبێت و لـــە ماکیاژی دەم و چاو دەربکەوێـــت، بـــە رێگەیـــەك دانانی یەك رەنگ بۆ ســـەرجەم شوێنەکانی ماکیاژی

# تێکەڵکردنی رەنگەکان بۆ دیکۆرێکی نوێ





دیکۆرەکانی ماڵ، پێویستیان بە کاری رازانەوە و گرنگی دان هەیە، تەنانەت ئەگەر مۆدەیەکی تایبەت بێت و دەبێ بەرەو گۆڕانکاری بچێت و داهێنان و کاری تازەی بۆ بکرێت. یەکێك لەو ئەرك و هەنگاوانەی کاریگەریان دەبێت لەسەر جوانـــی دیکۆری ماڵ، بریتییە لە هەڵبژاردنی رەنگـــە جوانەکان بۆ دانانیان لە دیکۆری ماڵ، ئەمەش لە رێگەی بۆیە کردنی دیوار و شوێنە گشـــتییەکان، یان هەڵبژاردنی کەرەستەکان لە چەنـــد رەنگێکی دیاری کراو. هەروەها دەکرێت تێکەڵی لە نێـــوان دوو رەنگ ئامادە بکرێت، ئەمەش بـــۆ زیاتر گونجاندن و جوانی، لێرەدا چەنـــد رەنگێك لەگەڵ یەکتـــر دەگونجێت و دەکرێت بەم شێوەیە ریزبەندیان بکەین:

- سەوزی کاڵ و پورتەقاڵی نەرم
- شین و سپی
- وەنەوشەیی و شینی کراوە
- رەنگی سووری تۆخ (جەرگی) و شەکەری
- سەوزی تۆخ و رەشی نزیك لە بە بریقە





# مۆدەکانی پاژنە بەرز دەردەکەوتەوە


لەگـەڵ ئەو گۆڕانکارییەی بەسـەر مۆدەکانی پێڵاو و سەندڵی خانمان هات، ئەمـەش بەهۆی گۆڕانـی مۆدەکان لە مۆدەی پاژنە بـەرز بەرەو فلات و کراوە و بە بێ پاژنە، کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا مۆدەی پێشـووی کلاسـیك نامرێت و دووبارە دێتە کایەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە شێوەی و رووخسـارێکی دیکەی جوانتر لە پێشـوو، پێڵاو و سـەندڵە بەرزەکان لە کاتێکدا شـێوەیەکی جوانیان هەیە ئەگەر لەگەڵ ئەو جلەی یان ئەو ئێکسسـوارانە بپۆشرێت و مۆدەیان بگونجێت.


تەنانەت ئەگەر شێوەی ڕەنگەکانیشیان وەکـو یەکتر نەبێت، جوانی پێڵاوی پاژنە بەرز لەوەدایـە، کاتێك لەگەڵ کراس یان تەنوورە لەبەر دەکرێت مۆدەی کلاسیکی لە یـادج، جوانییەکی گەورە بە بەشـی خوارەوەی جەستەی خانمان دەدات، بۆیە دەبێ ئاگاداری مۆدەی پاژنە بەرز ببین و لە بیری نەکەین، چونکە سەرەنجراکێشی و جوانییەکی تایبەت بە ئافرەتان دەدات.

## ـــاده روخسارت جوانتر بکه!

رووخسـار، وەك لە وێنەکان دەبیینن توانراوە سـەرتاپای رووخسـارەکە لـە ڕەنگێکی ئەساسی (زەردی یان خۆرئاوایی) دابنرێت، هەروەها جوانییەکی ناسـك دەبەخشـێت، تەنیا لە ڕێگەی ڕەنگـی لێوەکان دەکرێت جیاوازی نێوان ڕەنگی ئەساسـەکە بەدی بکرێـت، لـە دوورەوەش وا دەردەکەوێـت ڕەنگی ئەساسـەکە وەك ئەوەی ماکیاژی بۆ نەکرابێت دەردەکەوێت، تاوەکو ماکیاژ بە سـادەیی بێت ئەوەندە جوانی زیاتر دەبێت. بۆیە هەوڵبدەن بە ڕێگەی ڕەنگی ئەسـاس جوانییەکی گەورە دروسـت بکەن نەوەك بە چەندین ڕەنگی جیاواز بۆ ماکیاژێك.

*لە ئامادەکردنی : خاتوو مەرام - ساڵۆن مریام*





## مۆدەی هاوینە بۆ دەوام و ئاهەنگ







هەندێك لە خانمان یـان ڕێژەیەکی زۆر لە وەرزی گەرما حەز بـە جلی تایبەتمەندی و ڕێکخراو دەکەن، ئەوانەی لە سەرەوەی لەگەڵ چاکێتی درێژ و کورت دەپۆشرێن، یان بۆ بۆنە تایبەتەکان کراسی درێژ یەکێکە لەو خواستانەی لەلایـەن خانمان گرنگە. ئێمـەش لێرەدا دوو جۆرە مۆدەی هاوینەی تایبەت بە مۆدەکانی ئافرەتـان دەخەینـە روو وەك سـوودمەندێك لەوەی چۆن خانمان جلی رەسـمی بۆ هاوین هەڵبژێرین.ئەو دوو مۆدەیە بریتییە لە پۆشینی چاکێـت لەگەڵ تەنوورەی کورت، ئەمەش بۆ شوێنە گشـتییەکان و کاتی دەوام و دەرچوون دەبێت، وەك ئەوەی شێوەیەکی کراوە و شایستە بە جەستەی خانمان بدات. مۆدەی دووەمیش دەبێتە مۆدەی کراسـی کراوە و یەك پارچە لە سەرەوە بەرەو خوارەوە، ئەمەش جێگەی جوانی و سەرەنجراکێشـییە بۆ کاتی ئاهەنگ و یان ئەو شوێنانەی بۆ تایبەت ڕێکخراوە.



# بەیەکگرتووی جوانتر و بەهێزترن

بوونی شتە سرووشتیەکان بەبێ دەستکاری مرۆڤ دەبێتە جێگەی سەرسامی و کەرەستەیەکی جوان و سەرنجراکێش بۆ گشت کەسێك، ئەمەش کاتێك کارێکی سرووشتی وەك گەشەکردنی دارێك بە سرووشتی خۆی و بەبێ ئەوەی مرۆڤ کاری تێبکات. ئەو دوو دارەی دەیبینن بە جوانترین شێواز گەورە بووە، بەبێ ئەوەی کەسێك شتێکی بۆ بکات.

ئەم دارە لە وڵاتی (یەمەن) رواوە و تەمەنێکی زۆری هەیە و پێشبینی دەکرێت تەمەنی نزیکەی (٢٠) ساڵ بێت، شێوەی ئەو دوو دارە چۆتە ناو یەکتر و، لە دواتریش جیاواز بۆتەوە و دیسانەوەش لە یەکتر خوولانەوە و تێکەڵ بە یەکتر بوون و بەرامبەر رەشەبا بەهێزترن وەك ئەوەی دارێك بێت لە ژێر زەوی، بەڵام لەسەرەوە شتێکی دیکەیە.

# پیاوێک دەبێتە خاوەنی هەزار هاوڕێ



هاوڵاتی مالیزی (هۆیان تۆان)، وەك هەر مرۆڤێکە و توانایەکی گەورە و تایبەتمەندی هەیە، دەکرێت لەگەڵ گشت مرۆڤێك جیاواز بکرێتەوە و لەوەی چۆن بتوانێت بەهرەکانی لەگەڵ دۆستایەتی گیانداران بەردەوام بێت و کاری وا بکات جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك بێت.

ئەوەی لەوێنەکەدا دەبینن راستەقینەیە و بەبێ ئەوەی شتێکی لەگەڵدا کرابێت، (هۆیان) دەتوانێت نزیکەی هەزارەها هەنگ و زەرگەتە لەسەر جەستەی بێت بەبێ ئەوەی زیانێکی پێبگەیەنن.

ئەمەش وەك هەنگاوێك لە بچووکیەوە تاوەکو ئێستا لەسەر ئەم کارەی بەردەوامە.




# قەسابەکانی ئامادەک

لەلاتان سەیر نەبێت چەندین نەتەوە و هۆز لە جیهان هەن، گۆشتی هەندێك لە گیانداران دەخۆن کە لەلای ئێمە ناخورێت، یان ئاییین و نەریت رێگەی نادات ئەم جۆرە خواردنانە بخۆین. یەکێك لەو گیاندارانە بریتییە لە سەگ، کەچی وەك خواردنێکی خۆش دادەنرێت لەلایەن وڵاتانی وەك : کۆریا – ژاپۆن – چین.





## شووتی مرۆڤ بە شەرتی چەقۆ



شێوە سەیرەکان بە جوانترین شێوە کاری بۆ دەکرێت و رەنگە ببێتە شتێکی سەیر و دواتریش ببێتە بەهرەیەکـــی تایبەت و کاری چاکتری بۆ بکرێت. یەکێـــك لە ئاهەنگە تایبەتەکانی بە تایبـــەت (وڵاتی ئەمەریکا) بە ئاهەنگی (نەناسراو – تنکری) بەناوبانگە، لەم ئاهەنگە هەر یەکە بە شـــێوەیەك دەردەکەوێت. ئەوەی دەیبینن خانمێکە و توانیویەتی شێوەیەکی سەیر بۆ خۆی هەڵبژێردرێت، ئەمەش لە ئاهەنگدا نییـــە و تەنیا بۆ خۆشـــی و کاری تایبەتی خۆی ئەنجامی داوە. شـــێوەی رووخســـاری وەك (شووتی) لێکردووە، تەنانەت جەستەشی وەك شووتی نەخشاندووە بۆ ئەوەی نازناوێکی گەورە و جوان بـــۆ خۆی تۆمار بکات. وەك لە وێنەکەدا دەبینن، چ جیاوازییەکی نییە لە شووتییەکی بە شەرتی چەقۆ !

## بەرێجیم جەســـــــتەی تێکچوو



زۆر کـــەس هـــەن حەز بـــە لاوازی یان جەستەیەکی جوان دەکەن، ئەمەش لە رێگەی کاری راهێنان و ریجیم کردن بۆ ئەوەی بەرەو ئـــەو ئەنجامانە بگات تاوەکـــو لاواز بێت. کەچی لـــە هەندێك حاڵـــەت کاری ریجیم دەبێتە جێگەی نەخۆشـــی و کاری خراپ و ئەنجامەکـــەی بەم شـــێوەیە نابێت ئەوەی دانراوە بۆی. وەکو ئەو گەنجەی لە وڵایەتی (فلۆریدا) لە وڵاتی ئەمەریکا، دوای کاری ریجیم کەوتە ناو خراپترین حاڵەتی نەخۆشی جەســـتەیی. ئەو کورە نـــاوی (جێمس)ە و تەمەنی (٢٦) ســـاڵە، دوای ئەوەی ریجیم ئەنجـــام دەدات، دواتر جەســـتەی توانای وەرگرتـــن و زیادبوونـــی نامێنێت، بۆیە بەم شێوەیە دەگات و کێشی لە (٨٠) کیلۆ بەرەو (٣١) کیلۆگرام هاتە خوارەوە.



## ـــــردنی گۆشتی سەگ


ئـــەوەی دەیبینن رێگەی ســـەربڕین و ئامادەکردنی گۆشتی سەگە، لە کاتێکدا ئەوانەی گۆشتی سەگ دەخۆن، حەزیان بە گۆشتی مانگا و بەرخ یان ئەوانەی ئێمە دەیانخۆین نایەت و نایخۆن. بەمەش دەبێتە سەیرترین خواردن لەلای ئێمە و چەند هۆز و نەتەوەیەکی دیکەی ئەوانەی حەزیان بە گۆشتی سەگ یان هەر نایخۆن.





# رازانەوەی رووخسار بە دەرزی





شێوە سەیرەکان کاتێك بۆ خۆشی و نازناو دەرازانرێتەوە، بە جۆرێك ئەو رازانەوە ئەنجام دەدەن دەبێتە مایەی سەیر و سەمەرەی گشت کەسێك، یان شێوازی رازانەوەکە بە جۆرێك دەبێت جێگەی قیزەوەنی و سەرەنجراکێشیە.
ئەو چەند شێوەیەی دەیبینن یەکێکە لە مۆدە تازەکانە، بە جۆرێك لەو مۆدانە شتی تیژ و دەرزی بەکاردەهێنن بۆ کاری رازاندنەوەی جەستە و بە تایبەت رووخسار.
کەچی دانانی ئەو دەرزییانە دەبێتە هۆی ژان و ئازار، بەڵام لەلای ئەوانە گوێ بە ئازار نادەن تەنیا جوانی و رازانەوەکەی رووخسارەکەیان لەلا گرنگە. بەمەش ئەم (٢) وێنەیە دەبێتە سەیرترین رازانەوەی جەستەی مرۆڤ.

# ئافرەتێک زمانی خۆی گرێدا



کێ لە ئێمە دەتوانێت زمانی بخوولێنێتەوە تەنیا بۆ جارێکیش، یان جووڵە بە زمان و شێوەی جوانی لێوە دروست بکات. ئەوەی دەیبینن دیمەنێکی راستەقینەیە و وێنەکەش لە کاتی بەهرەکانی یان کاتی نمایشی جووڵەی زمانی ئەو خانمە وەرگیراوە. وێنەکەش بریتییە لە دانانی گرێیەکی تایبەت و جوان بە زمانی ئەو ئافرەتە. بەهۆی درێژی زمانی ئافرەتێکی وڵاتی نوزیلەندا بەناوی (سامیان)، بۆیە دەتوانێت گرێ ئەنجام بدات بە هۆی زمانی، ئەوەی سەیریش بێت چۆن زمان گرێ دەدرێت و، چونکە هەردەم لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤە و کەچی کەس ناتوانێت کاری لەم جۆرە ئەنجام بدات.

# گەمە لەگەڵ دووپشک و مارەزیوی



ئەوانەی هاوڕێتی و نزیکبوونەوەی گیانداران دەکەن، دەتوانن لەگەڵ گشت جۆرە گیاندارێکی ماڵی و ترسناك هاوڕێتی بکەن، بەبێ ئەوەی ئازاریان پێبگات یان شتێکیان بەرامبەر بکرێت. ئەوەی دەیبینن کوڕە گەنجێکە لە وڵاتی هیندستان دەژییێت، کاری ئەو گەنجە دۆستایەتی و ژیانی رۆژانەی لەگەڵ دووپشکە ترسناکەکان. ئەو گەنجە ناوی (فیهۆنگ)ە و تەمەنی (٢٣) ساڵە، وەك دەبینن لە وێنەکاندا چەند دووپشك و مارەزیوی لەسەر دەموچاو و دەمی داناوە بەبێ ئەوەی ئازارێکی لێبکات. هەر لە منداڵییەوە توانیویەتی لەگەڵ دووپشك بژییێت و یاریان لەگەڵ بکات. بەمەش چەندین نمایشی تایبەت و گەورەی ئەنجامداوە لەوەی لەگەڵ دووپشك یاری بکات.

# پیاوێكی بەتەمەن و چەندین جووڵەی سەیر







بوونی جەستە بە جۆرێك چەندین توانا و جووڵەكـــردن دەبێتە بەهرەی ئەو پیاوە چینییەی دەتوانێت لە شوێنێكی بچووك جێگەی خـــۆی بكاتـــەوە و، هەروەها خوولانەوە بەناو جەستەی خۆی، یەكێكە لە تایبەتمەندی و بەهرەكانی ئەم پیاوە.

(چین وۆنگ لی)، پیاوێكی چینییە و تەمەنی (٣٩) ســـاڵە، جەستەی وەك لاستیك وایە، دەتوانێت لەسەر كورسییەك چەندەها جووڵەی ســـەیر بكات، لەوانە قاچەكانی لە پشتییەوە بیهێنێتە پێشەوە. وەك لە وێنەكاندا دەبینن چەندین كاری ســـەیر و جووڵەی وەها بكات، ئەمەش كـــەس ناتوانێت جووڵەی لەم شـــێوەیە ئەنجام بدات، بۆیە دەبێتە یەكەم پیاوی لەم تەمەنە بەبێ وەرزش كردن خاوەن ئەم بەهرەیە بێت.



# بەرخی دوو سەرەش پەیدابوو

دوای ئەوەی چەندین حاڵەتی لە دایك بوون لەلایەن مرۆڤ و گیانـــداران بەدی دەكرێت، كەچی لـــەلای گیانداران بـــەم دواییە زیاتر بڵاوبۆتەوە و بۆتە كارێكی ســـەیر، بە جۆرێك حاڵەتەكان لە داهاتوودا ئاسایی دەبن و دواتریش گیاندارەكە بە سرووشتی بژییێت، ئەوەی دەیبینن بەرخێكی بچووكە، لە وڵاتی ئوستralیا دەبێت و بەرخەكە لە جەستە ئاساییە و، بەڵام لە سەر (٢) سەری هەیە. ئەوەی سەیر بێت بەرخەكە ســـاغە و بەبێ ئەوەی كێشەیەكی تەندروستی بێت. ئەمەش دەبێتە حاڵەتێكی دیكەی سەیر و، بـــە جۆرێك شـــێوازێكی دیكە دەگرێت لە حاڵەتە سەیرەكان. وەك لە وێنەكەدا دەبینن ئەو بەرخە دوو سەری هەیە و بە جەستەیەك.

# پەیكەرتاشی جیهانی تابلۆی كەم وێنەی دروست كرد








بەهرە تایبەتەكان كارێكی چاكە و دەكرێت ســـوودی لێـــوە ببینرێت لە چەندیـــن بوار و لایەنەكانی زانستە مرۆڤایەتییەكان، وەك ئەوەی ئەو پیاوە پیرە یـــان بە تەمەنی بە گەورەترین پەیكەرتاشی جیهان دادەنرێت، لەوەی دەتوانێت یان توانیویەتی چەندین پەیكەر دروست بكات، ئەوەی سەیر بێت ئەو ماددەیە كە پەیكەرەكانی لێوەی دروســـت كردووە لە خـــۆڵ پێكهاتووە. پەیكەركێشی نەرویجی (كالیبوس) یەكێكە لە پەیكەرتاشەكانی جیهان، لە دواترین كارەكانی توانیویەتی لە خۆڵ چەندین پەیكەر و شێوەی جوان دروســـت بكات. شێوەكانیش وەك ئەوەی راستەقینە بێت و كەســـیش هەست ناكات لە خۆڵ دروست كرابێت.



# قۆناغە سەیرەکانی هاوسەرگیری

**هەنگاوەکان و قۆناغەکانی هاوسەرگیری چەندین ڕێگایە بۆ گۆڕینی هەڵویستی هاوسەران، بە تایبەت پیاوان، ئەمەش کاتێك لەسەرتای هاوسەریەتی گرنگی بە خانمانەکەیان دەدەن و کاری جوان و سەیریان بۆ دەکەن. کەچی لە داهاتوودا هەڵوێستییان دەگۆڕێت و ئەم وێنە کاریکاتێرییەش مانای زیاتر دەدات.**




# دایکە مراوییەکی سەرخۆش



ئەوەی ئەم وێنەیە ببینێت، دەزانێت ئەو دایکە مراوییەی بەسەر بێچووەکانی دەکەوێت، وەك ئەوەی سەرخۆش بێت و ئاگاداری بێچووەکانی بێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە وێنەی دووەم دەردەکەوێت مراوییە دایکەکە سەیرێکی بێچووەکەی دەکات کە لە پێشوودا بەسەری کەوتووە، ئەوەی سەیر بێت هیچی بەسەر نەهات کاتێك ئەو مراوییە گەورەیە بەسەری دەکەوێت.

# دوو کەس لە وێنەیەک


ئەو وێنەیەی دەبیینن، بریتییە لە دوو وێنەی لەناو یەکتر، بە جۆرێك وێنەکە بە ڕاستەقینە گیراوە و کەچی لە ڕەنگێکی دیکە وێنەیەکی دیکەی دەردەچێت. لەلایەك ئەو وێنەیە بریتییە لە کچێك لە پشتەوە وێنەی گیراوە و لەلایەن چەپەی کچەکە گیراوە. لەگەڵ ئەوەش وێنەی پیرە ئافرەتێکی بە تەمەنە و لووتێکی گەورە و دەمێکی خواری هەیە. بە جوانی سەیر بکەن هەردوو کەسەکە دەبینن!



## بۆ ئاسوودەیت

☺ - دوو کەس لەناو فرۆکەیەك دەبن، دوای ئەوەی هەواڵ دێت کە فرۆکەکە دەکەوێتە خوارەوە، یەکێکیان بەوەی دیکە دەڵێت: چی بکەین ئەو فرۆکەیە دەکەوێتە خوارەوە.. ئەوەی دیکەش دەڵێ: ئەوجا چییە خۆ ماڵی خۆمان نییە دەکەوێت ناکەوێت بە ئێمە چی!

☺ - پیاوێك بە خەیاڵ لە خۆیەوە قسە دەکات لەگەڵ ژنەکەی، دەڵێ ئافرەت چەند خۆش دەبوو ئەگەر ئوتۆمبێلەکمان هەبوایە تۆم لە پێشەوە دادەنا و دەچووین بۆ سەفەر، منداڵەکانیش دەبێتە شەڕیان لەوەی کێ لەلای پەنجەرە دانیشێت، پیاوەکە تووڕە دەبێت و دەڵێت: وەرنە خوارەوە کەس نابێت بێت!



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
هاوڕێکانت وا هەست ئەکەن ئەوانت لە یاد نەماوە هەوڵ بدە هەندێ کاتی خۆت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانت تەرخان بکەی، کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت دەبەیتە سەر.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
ئامۆژگاری لەو کەسانە وەربگرە کە جێگای متمانەن بۆ ئەوەی لەهەندێ کاری قورس دا سەرکەوتن بەدەست بێنیت، چەند نهێنیەکت بۆ ئاشکرا دەبێت دەربارەی ئەو کەسەی خۆشت ئەوێت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
ئەم ماوەیە توانایەکی زۆرت دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکانت کە دەبێتە هۆی دڵخۆشی بەڕێوەبەری کارەکەت، هیچ کاتێك بیروڕای خۆت بەسەر کەس مەسەپێنە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
هاوبەشی ژیانت وا هەست دەکات وەکو جاران بایەخی پێنادەی، واباشە بۆ ئەو گومانەی لای درووست بووە هۆیەکەی بۆ ڕوون بکەیتەوە، کێشەکانت لە چارەسەربوون نزیکن.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**
کێشەیەکی بچووك دێتە سەر ڕێگای پرۆژە نوێیەکەت بەڵام نیگەران مەبە پرۆژەکەت سەردەگرێت و بە ئاسانی کێشەکان چارەسەر دەکەی، لەبواری سۆزداریدا ئەم هەفتەیە زۆر خۆش دەبێت بۆتۆ.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
هەستی خۆت لە کەسی بەرامبەرت مەشارەوە، ئەوەی لە دڵت دایە پێی بڵێ و هیچ دوودڵ مەبە، ئەم هەفتەیە گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراوی بەدوادا دێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی

| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ◆ | | | | | | | | | ١ |
| | | | | | | | | | | ◆ | | ٢ |
| | | | | | ◆ | | | | ◆ | | | ٣ |
| | ◆ | | | | ◆ | | | | | | | ٤ |
| | | | | | | | | | | | | ٥ |
| ◆ | | ◆ | | | | | | ◆ | | ◆ | | ٦ |
| | | | | | | | | | | | | ٧ |
| | | | | | ◆ | | | | | ◆ | | ٨ |
| | | | | | ◆ | | | | ◆ | | | ٩ |
| | | ◆ | | | | | ◆ | | | | ◆ | ١٠ |
| | | | | | ◆ | | | ◆ | | | | ١١ |
| | | | ◆ | | | | | | ◆ | | | ١٢ |



### ئاسۆیی:

١- شاری یاری لە هەولێر- مین(ت).
٢- گۆرانی بێژێکی کوردی کۆچ کردووە(پ)خاوەن وێنەکە.
٣- تەنیشت- کەزی- شارێکە لە سوێد.
٤- یانەیەکی بەرازیلیە- سێ پیتی سەحەر.
٥- زمانێکە- چوار پیتی دیمەن.
٦- ................
٧- لازیو(ت)- کچە هونەرمەندێکی میسریە.
٨- ناسك- پاوی ئایینی یەهودی(پ).
٩- وەکو یەك- سێو(ت)- پارێزگایەکی عێراقە.
١٠- روخا- پلەیەکی سەربازی تورکی یە(پ)گێژ.
١١- خواردنی بەسوود(پ) — ژمارەیەکە- قورنە(ت).
١٢- بێ دەنگ(پ) زەریایەکە- مانگێکی میلادی(پ).

### ستوونی:

١- پالەوانی تۆپی پێی ئەڵمانیا -٢٠٠٩ وەکو یەك.
٢- وەکو یەك- دورگەیەکە لە یۆنان.
٣- شارێکە لە ئێران(پ) وڵاتێکی ئەوروپیە- کانزایەکە.
٤- پێنج پیتی باستیل- کچە گۆرانی بێژێکی کوردە.
٥- سەرکردەیەکی کوردبوو(پ)- ژمارەیەکە.
٦- کەناڵێکی ئەمەریکیە- سەرکردەیەکی ئەوروپی بوو(پ).
٧- پێش نەخۆشی(پ).
٨- نەرم(ت) — باڵندەیەکە.
٩- گۆرانی بێژێکی کوردە.
١٠- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ)- خاو(ت) چاکە بە عەرەبی(پ).
١١- خزمێکە — یاریزانێی ئەرجەنتینی بوو.
١٢- زانایەکی فیزیاوی بوو(پ) — شارێکە لە فەلەستین(پ).

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شتەی لە ئاسمانە و بارانی لێوە دەبارێت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شتەی هەستی پێدەکەیت و دیار نییە، سارده و گەرمە)
- پیتی خانەکانی (٦+٧+٨) کۆبکەیتەوە بە مانای (پیاوێك بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گۆڤارێکی وەرزیە لە هەولێر دەردەچێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ئەگوێڕۆ) بوو



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بڕوات بە خۆت دەبێت و تواناکانت زیاتر دەبن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەنگاوە نوێیەی گرتۆتە بەر لەژیانت دا، قسەیەك مەکە ببێتە هۆی ڕەنجانی دڵی هاوڕێکانت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئەو کەسە دەدۆزینەوە کە ماوەیەکە هەوڵ ئەدەی ببینیت، بایەخ نەدان بە ڕای کەسانی دەوروبەر لەبەرژەوەندی تۆ دا نییە، بەخت دەبێتە هاوڕێت و ئاواتەکانت دێنە دی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
هاوڕێکەت هەندێ گرفتی دێتە بەردەم پێویستە تۆ یارمەتی بدەی، کارێك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی وردەکاریەکانی ژیانت ئاشکرابن، هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
تاقیکردنەوەیەك بکە کە زۆر دڵت پێی خۆش دەبێت ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی هەندێ کاری گرنگ و پێشوازی کردن لەهاوڕێکانت، بەشداری لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەی لەم هەفتەیەدا.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
دووبارە کەسێك دێتە ناو ژیانت کە لەڕابردوودا دەتناسی و زۆر نزیك بوو لە تۆ، هەست بە ماندووبوون دەکەی پێویستیت بە پشوودان هەیە، خۆشەویستی نێوان تۆ بەرامبەرەکەت زیاتر دەبێت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
سروشتی تۆ وایە زوو گۆڕانکاریت بەسەردادێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خەڵك بە ئاسانی لێت تێ نەگەن، وەڵامی ئەو پرسیارانەت دەست دەکەوێت کە ماوەیەکە دەتەوێت بیانزانی.

hemntoni@yahoo.com